

فەوزیە عیزەدین رەشید

دەتوت بەسەر کورسی یەکەدا ، تواویتەوە ، گیانت دازایی بوو ، ئانیشکت لە چوکت چەقاندبوو ، سەرت هێندە گران ببوو ، ملت بۆی راگیرنەدەکرا ، وەکو سەرەشەکروکێك بە شوول لێی درابێ ، شۆڕ ببوەوە نێولقە شەنی پەنجەکانت . مێشهەنگێکیش ، پەیتا پەیتا خۆی بە شووشەی پەنجەرەکەدا دەدا سەری خۆی دەکوتایەوەو ، سەری گلۆلە خەمەکەی تۆشی ون دەکرد ، لە دڵی خۆتا وتت :

« خۆ بە زۆر نییە ، خوا ئەوەندەی زیاتر پێ رەوا نەدیوین لەوە زیاترمان لە باردا نییەو .. ئا ، خۆ عەیب نییە ، عەیب ئەوەیە خۆمان تووشی گێچەڵێکی وا بکەین هەتا ماوین لەژێر باریا بناڵێنین و خەڵك پێمان پێبکەنێ ، بۆ خۆمان داساکابووین ، لە چیمان کەم بوو ، منداڵ ئەبێ نابێ چش » مێشهەنگەکە دیسانەوە خۆی بە شووشەکەدا دایەوەو ، جەمسەری مەسەلەکەی لە دەست دەرکردیتەوە ، لەسەرخۆ سەرت بەرزکردەو ، تەماشایەکت کردو هیچت نەوت .

ـ قوربان .. ئەمە جاری سێیەمە تێهەڵچمەوە ، کەچی هەر تەواو نابێ ، رزگارم بێ و ئێوەش سەرتان سووك بێ ، دێتە سەر ئەوەی کۆتایی پێ بێت و دەڵێن نابێ ، ناتەواوە . کابرای بەر مێزەکەت ، سەر هەڵبرینەکەتی بە هەل زانی ، لە چاو تروکانێکدا ئەو هەموو قسەیەی کردو ، باوەشە کاغەزەکەی دەستیشی بە دەمێوە خستە بەر دەستت .

بە تیلەی چاو سەرنجێکی لاپەڕەی سەرەوەی باوەشە کاغەزەکەت داو ، کێشەکەت بیرکەوتەوە ، ئیتر دەستت بۆ نەبرد ، ملێکت بادا و وتت :

ـ بەخوا سەیرە ... کاکە تۆ نازانی نابێ چییە ؟ شتێك کە دەڵێن نابێ مەعنای نابێ ، ئیتر بۆ ئەوەندەی لەسەر دەڕۆی ؟!. نابێ براکەم نابێ بچێتە ئەقڵتەوەو .. ئا .

ـ بۆ نابێ ، براکەم ، چی ناتەواوە ؟ پێم بڵێ تەواوی بکەم ئیتر بۆ نابێ ؟.

تەلەفۆنەکە دیسانەوە لێی دایەوەو ، لەژێر قورسایی ئەو پرسیارەی کابرای دەرکردی ، رامای .. رامای تا هەناسەت هاتەوە ، ئەوجا بە ساردییەکەوە دەستت بۆ درێژکرد .

ـ بەڵێ .. بەڵێ ... باشە خوشکم باشە ... خۆمم .. باشە . هەر بەو ساردیەشەوە ، تەلەفۆنەکت خستەوە جێی خۆی و ، جگەرەیەکی دیکەت بە جگەرەکەی پێشووت داگیرساند ، یەك دوو مژی قووڵت پێ گەیاندو بە تەکان هەستای بڕۆی تەماشات کرد ، کابرا هەر وەستاوە ، دەمی دەجوڵا بەڵام یا تۆ هیچت نەدەبیست یا ئەو هیچی نەدەوت .

ـ کاکە .. براکەم .. رای بەڕێوەبەری گشتی لەسەر نییەو نابێ .

به دەم ڕێکردنەوە ، قسەکانت بۆ کابرا کرد ، ئیتر چاوەڕێی هیچی ترت نەکرد ، بە یەك تەکان خۆتکەیاندەبەر دەرگای بەڕێوەبەری گشتی ، کە دەستت بۆ دەرگاکە برد ، ساردیەك دەستو پەنجەی تەزاندیو ، خۆشت ساردبویتەوە ، وەکو یەکێك شتێکی ونکردبێ ، هەندێ گیرفانەکانت گەڕایو ، لەگەڵیا وردە وردە ، لەسەرخۆ ڕووت لە ژوورەکەی خۆت کردەوە ،ئاواتەخوازبووی کەس سەرنجی نەدابێتێ ، لەبەر هاوڕێکەت لە ڕووت نەدەهات ئەگینا حەزت لێ بوو بە دەنگێکی بەرز بڵێی :

« نە .. ناچم ... ئەوسای کە پێمدەوت ، بەرلەوەی بچینە نووستن حەبەکە بخۆ ، فیڵی لێ دەکردم .. ئێستاش خۆی چۆنی کردوە با ئاواشی چارەسەربکات .. من نەمدیوە ئافرەت ئەوەندە سەرسەختو، چاوقایم .. دوایی من ئەمە حەوت مانگە دەرمکردوەو ، لێم نەپرسیوەتەوە ، بۆ خەستەخانەش ناڕۆم ، ئێستا بڕۆم بڵێم چی .. ؟! » . بەسەر کورسیەکەتا داچۆڕایتەوە ، چەناگەت لە سنگت قایم کرد ، چاوت لەنێوان هەردوو پێت بڕی ، پەنجەکەڵەت لە لاجانگت توندکردو ، بە پەنجەی تووتەو برا تووتەت ، وەك دەست بە تەلی ئامێرێکی مۆسیقادا بێنی ئاوا پەنجەت بە نێوچاوانتا دەهێناو ، دووکەلی جگەرەکەشت لە توێی هەردو پەنجەکەی ترتەوە دەچوو بە ئاسماناو ، ئەوەندەی‌تر مێش هەنگەکەی لانەوازدەکرد ، لە دلی خۆتا ئەتوت : « جاری یەکەم دوو سێ سەعات ماو مرد ، جاری دووەم خەریکبوو خۆشی بەسەرێوە بڕوات ، جاری سێیەم نەوەکامبوو ، مامانەکە خنکاندی ، ئەی دەبێ ئەمجارە چی بێنێ ؟! کوڕە کێ دەڵێ نیشانەیەکی دیکەی ئاخر زەمانی نابێ .. کێ چوزانێ ؟!.. زۆر سەیرە ئەتبێ هەر وەی ، ناتبێ هەر وەی ، شتێ بەم حاڵە بێ نەبوونی چاکتر نییە ؟!. مێش‌هەنگەکە دیسانەوە خۆی دایەوە بە شووشەکەدا ، ناچار سەرت هەڵبڕی تەماشایەکت‌کردو ، بزەیەکی پڕ تەوسە لێوەکانی لەیەك ترازاندی ، بێ‌ئەوەی هەستبکەی هەستایتە سەرپێ ، پەنجەرەکەت کردەوەو مژێکی دیکەت لە جگەرەکەی دەستت دایەوەو ، ئاغزەکەیت توڕ هەڵدایە دەرەوە ، دەستت نایە کورتە کەلاکەتو ، چاوت بڕییە ئەو خەلکەی وەك ئاوڕۆشنکەرە بە شەقامەکەدا دەهاتن‌ودەچوون ، بیرت رۆی .

« بەخوا نەژنەوتەیە .. من دەڵێم ئەو مەسەلەیە ئەوە ناهێنێ ، یەکجاری ، تۆ وای بۆ دەکەیت ، ئەو ئەڵێ ، ئافرەتی نەزۆك کارەکەرێکی نانەسکە ، ئێ بڵێ تۆ بۆ منی ناهێنێ ، تۆ بۆ ئەوەت نییە کوانووی من نەکوژێتەوە ؟، من نامەوێ ، ئێستاش ئەڵێم نامەوێو .. نامەوێ »

هێشتا بەتەواوی لە وتنی دوا وشە نەبوبویتەوە ، وەکو یەکێك بدرێ بە ناوشانیا سەرت بەرز کردەو ، چاوت لە شوێنێکی دوور بڕیو ، دەمت نوقاند .

« ها .. ڕاستە من نامەوێ ، بەلام ئەی ئەو ؟ کێ ئەڵێ ئەو خۆی ئارەزووی ئەم بەزمو ڕەزمە ناکات .. ها ؟! ئەویش مافی خۆیەتی .. »

لەوەدا بووی سەرزەنشتی خۆت بکەی ، کە چۆن تا ئەو ساتە بیرت لەو مافەی ئەو نەکردۆتەوە ، کەچی لچێکت هەڵقورتاندو ئاوڕێکی پەلەت دایەوەو ، ئارەقەکەی نێو چاوانت سڕییەوەو ، ئاوات بە خۆت وت :

« نا .. نا .. وانی‌یە ، کاتێ ئەو ئەو مافەی هەیە خەمەکەی هەر بۆ خۆی بێتو ، بە ناوی منەوە بانگ‌نەکرێ ، نا .. ئەیهێنێ ، با بیباتەوە ماڵی باوکی .. »

تەلەفونەکە دیسانەوە لێی دایەوە ، نەتوێرا دەستی بۆ بەری تەماشات‌کرد ، چاوت بڕییە هاوڕێکەت ، ئەویش هەروا ، نێوە تەماشای یەکتان دەکردو ، ئەویش بەردەوام لە زەنگی ئەدا ، ئەو تەلەفۆنەکەی هەڵگرت ، زۆری نەبرد لە گوێی هێنایەخوارەوە دەستی خستە سەر .

ـ تۆیان ئەوێ .

ـ نەیووت کێیە ؟!.

- نازانم .. ئافرەتێکە بە ئاستەم دەنگی دەردەچێ دەڵێ پێی بڵێ دایکی (ژینۆ) یە .

سەرت بەرزکردەوە ، بڕۆکانت هێنایەوە یەك ، نەتناسی یەوە ، هاوڕێکەت تەلەفونەکەی دایە دەستت لەسەرخۆ نات بە لا گوێتەوە .

- (ژینۆ) دەستی باوکی ماچ دەکا .. لە نەخۆشخانەکەی سەرەوە چاوەڕوانین بۆی بەدوومانـدا . دەنگەکەت ناسییەوە ، رووت رەش داگیرسا ، هەستایتە سەرپێ ، ئاوازی دەنگەکە ، لە ساتە وەختێکدا سووری هەڵگێڕایت ، لیوەکانت لەیەك ترازان و هەر چەندت کردو ، کۆشای دەست گۆی نەکرد هیچ بڵێی ، بە پرتاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتی ، لەوێ نێوچاوانت تەقی بە نێو چاوانی - کابراکەوە - کاغەزەکانت لە دەست خستە خوارەوە ، نەپەرژای داوای لێبوردن بکەی ، لەبەر دەرگاکەی بەڕێوەبەری گشتی دا فریات کەوتەوە . پەنجەی خستبوە سەر کاغەزەکانی .

- ئا قوربان .. بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری لەسەر دا .. ئا .. ئەوەتا .

- باشە .. باشە کاکەگیان ، ئەگەر بە ئەرکی نازانی سبەینێ بێیتەوە بۆت تەواودەکەم .

بە دەم ڕێوە هەر ئەوەندەت بۆ دەوترا ، گەیشتیتە دەرگاکە وەکو هاوەڵێکی دێرین خۆت کرد بە ژوورا ، چاوەڕێی (فەرموو) ت پێ نەکرا ، زۆری نەمابوو (بەیانی باشیش) نەکەی ، دەستەکانت هەڵتەگلۆفت ، بسکەی سمێلت دەهات خۆشت نەتزانی چۆن وتت :

- قوربان .. ئەگەر بواربدەن ، ئێمە منداڵمان بووە ، بەڵکو دەچم منداڵەکانم لە نەخۆشخانە دەبەمەوە ، سبەینێ دێمەوە .

# ئاواتی مرۆڤێك

ئاشتی عوسمان دانش

سلێمانی / گەلاوێژی / 1984

ئێوارەیەکی پڕ لە مژدە ، مژدەی ئەو کارو ئاواتانەی وەك گڕێك لە گیانم ئاڵاوە ، بووتە بورکانێکی پیر ، گڕو تینی لە هەناومدا بێ شوومارە .. هاکا ساتێکی زۆر نزیك بتەقێتەوەو ناو جەرگم بە جارێك هەڵتەکێنێ ، ئەوسا بە هیچ جۆرێك خۆم بۆ ڕاناگیرێ و ئەترسم وەك ئەو مرۆڤانەم لێبێت کە هیچ دەسەلاتێکیان بەسەر خۆیاندا نەماوە ، بوونەتە گاڵتەگێڕی خەڵکی .. ناهەقیان ناگرم ... تازە ئەوانە ڕۆیشتن مەگەر مەرگ لە باوەشی گۆڕیان بنێت و تا هەتاهەتایە ئاسوودەیان بکات .. بۆ !! منیش زۆر جار ئارامم لەبەر ئەبڕێ و بەلام بە پلەی ئەوان نا ، هەندێ کارم لێ ئەوەشێتەوە زۆر پێی شادئەبم فینکیەکی زۆر ئەداتە دڵە لاوازەکەم ئارامم ئەکاتەوە ، ئەدەمە شەقەی باڵ وەك مەلی بێ غەم هەموو ئاسمان تەی ئەکەم ، خۆم لێ ئەبێتە